زانكۆی صلاح الدين هەولێر
كۆلێژی هونەرە جوانەكان
بەشی موزيك

# جۆر و شێوازی فۆڕمە موزيكيە ڕۆژهەڵاتيەكان

ئامادەكردنی
م.چيايی كمال سعدی

# شێوازی نوسینەوەی فۆڕمی موزیکی ڕۆژهەلأتی

هەر وەك ڕوون و ئاشكرایە لای هەمووان، زانستی موزیك هیچی كەمتر نیە لەزانستەكانی تر، بەڵكو زیارتیش لەزانست ناسێنراوە و پێناسەی بۆ كراوە، بەم بۆچوون و خوێندتەوە و پێناسانەش نامانەوێت لەبەهای زانستەكانی تر كەم بكەینەوە، بەڵكو دەمانەوێ گرینگی و تایبەتمەندی موزیك و جۆرەكانی و شێوازە موزیكیەكان بخەینە ڕوو بۆ فێرخوازان و بڵێین لەڕۆژگاری ئەمڕۆ موزیك وەك چارەسەرێكی دەرمانی بەكار دەهێنرێت لای پزیشكەكانی دەرونی بەتایبەتی بۆ ئەو كەسانەی كە تووشی نەخۆشییە دەروونیەكان بوونەتەوە، بەپێی ڕاپۆرتە پزیشكییەكانیش بێ یەكێك لەچارەسەرە هەرە باش و سەر كەوتووەكان بۆ نەخۆشییە دەروونیەكان، چارەسەری موزیكی خراوەتە ڕوو.

بەشێوەیەکی گشتی موزیك دابەش دەبێت بۆ دووبەشی سەرەکی ئەوانیش (موزیکی ڕۆژهەڵاتی و موزیکی ڕۆژئاوایی) یە کەپانتاییەکی یەکجار زۆریان داگیرکردووە و تووانیویانە تەواوی گۆی زەوی بتەنن، واتە شگت ڕووەك و گیانەوەر و کارەساتە سروشتییەکان و تەنانەت سوڕانەوەی گۆی زەویش بەدەوری خۆردا، بەڕیتم و دەنگی موزیکی دەبێت. لێرەدا زیاتر تیشك دەخەینە سەر موزیکی ڕۆژهەڵاتی و باس لە لقەکان و شێوازەکانی ئەم جۆرە موزیکە دەکەین.

موزیکی ڕۆژهەڵاتی: جۆر و شێواز و یاسای تایبەتی خۆی هەیە و جیاواز ترە لەموزیکی ڕۆژئاوایی و لق و پۆپەکانی، نوسینەوەی موزیکی ڕۆژهەڵاتییەکان بەزانستی و بەپێی یاسا بەم جۆرەی خوارەوە دەنوسرێت و دابەش دەبێت بۆ سەر چەند بەشێك لەمانە:

## قاڵبی موزیکی دۆلاب

یەکەم/ قاڵبی موزیکی دۆلاب: دەستپێکێکی سەرەتایی موزیکییە، پێك هاتووە لەچەند ڕستەیەکی زۆر ئاسانی موزیکی، بۆ ناساندنی مەقامەکەیە لای گۆرانی بێژەکە، تابتوانێت زۆر بەباشی و بەجوانی ئەدای مەقامەکە بکات و دەری ببڕێت وەك:



# قالّبی موزیکی البشرف

دووەم/ قالّبی موزیکی البشرف: ووشەیەکی فارسییە بەواتای (بۆپێشەوە) دێت، مەبەستیش لەم جۆرە شێوازە، دەسپێکە بۆ هەرکارێکی موزیکی (گۆرانی یان موزیك)، بەلّام ناتوانین بلّێین دەسپێکی گۆرانییە، بەلّکو تەنها بۆ بیرهێنانەوەی گۆرانی بێژەکەیە و ئاشناکردنییەتی بەمەقامەکە و ئامادەباشییە بۆی، تاوەکو گوێچکەی پڕببێت لە موزیك و گۆرانییەکە لەناخ و هەستییەوە دەریببڕێت. دەبێت بۆ قالّبی موزیکی بەشرەف ڕیتمی قورس بەکار بهێنرێت، هەروەها ئەم فۆڕمە موزیکیە لەپێنج بەش پێك دێت، واتە چوار بەش خانەکانە و بەشێك (تەسلیم)ە، بەشی تەسلیم لەدووای هەر خانەیەك دووبارە دەبێتەوە، خانەیەك ناوی بەشرەفە و خانەکانی تریش واتە سێ خانەکە، هەریەکەیان لەمەقامێکی جیا پێك هاتوون. گرنگترین بەشرەفەکانیش ئەمانەن: (بەشرەڤی ڕەست ـ عاصم بەگ، بەشرەڤی نەهاوەند ـ عوسمان بەگ، بەشرەڤی حیجازکار ـ ندیم دەروێش) .

Bashraf Rast
Tatius Afandi

بشرف راست طاتيوس افندي



# قالّبی موزیکی لۆنگا

سێ یەم/ قالّبی موزیکی لۆنگا: ووشەیەکە عەجەمەکان بەکاریانهێناوە لەبنەڕەتدا کەواتای موزیك ناگەیەنێت، بەڵکو تایبەتە بەسەمای ناوچەی بەلکان. لۆنگا ژەنینێکی خێرایە لەسەر شێوازی فۆڕمەکانی بەشرەف و سەماعی داڕێژراوە، پێك هاتووە لەچوار خانەو تەسلیم ، بەڵام جیاوازی لەنێوان فۆڕمی لۆنگا لەگەڵ فۆڕمەکانی بەشرەف و سەماعی ئەوەیە کە لۆنگا لەسەر ڕیتمی سادە دەنوسرێتەوە، وەك تیتمی دوو چوار(4/2)، لەگرنگترین لۆنگا کانیش (لۆنگای نەهاوەند ـ ریاز ئەلنەسباتی و لۆنگای شەهناز ـ ئەدهەم ئەفەندی...تادوایی



# قاڵبی موزیکی سەماعی

چوارەم/ قاڵبی موزیکی سەماعی: دەربڕینی ناوی سەماعی لەسەر شێوازی نوسینەکەیە کەوەك بەشرەفە، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە کە بەشرەف لەسەر ڕیتمی قورس نانوسرێتەوە، بەڵام سەماعی لەسەر ڕیتمی قورس دەنوسرێتەوە وەك دە لەسەر هەشت 10/8 و بەناوی ڕیتمەکەوە ناودەبرێت ، سەماعی لەچوار خانەو بەشی تەسلیم پێك دێت کە ئەمانەن: خانەی یەکەم و تەسلیم ، خانەی دووەم و تەسلیم ، خانەی سێیەم و تەسلیم ، خانەی چوارەم و تەسلیم، بەڵام خانەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لەسەر یەك ڕیتم دەنوسرێت کە ڕیتمی سەماعییە ، بەڵام خانەی چوارەم ڕیتم دەگۆڕێت و خانەکە لەسەر ڕیتمێکی جیاواز و لێکدرا و دەنوسرێتەوە کە خێراترە و بەزۆریش ئەو ڕیتمە شەش هەشتەو دەبێتە (ڤالس)، ژەنیاران بایەخی زۆریان بەم فۆڕمە تورکییە داوە ، گرنگترین سەماعییەکانیش ئەمانەن : سەماعی هۆزام ـ محەمەد عەبدولوەهاب ، سەماعی حیجازکار کورد ـ مونیر بەشیر ، سەماعی عەجەم عشیران ـ شێخ عەلی دەروێش ، شەماعی نەهاوەند ـ نەدیم دەروێش ، تورکەکان لەپاش (بەشرەف) سەماعی دەژەنن، بەڵام عەرەب، گوتنە گۆرانی ئامێزەکانیان لەدووای ئەو دووشێوازەی سەرەوە دەڵێن کەباسمان کرد.

# سماعي نهاوند

يوسف باشا



## سەرچاوە


1 ـ جميل بشير: العود و طريقة تدريس، الجزء الاول و الثانى ، من منشورات وزارة الثقافة ـ دائيرة الفنون الموسيقية ، رقم الايداع فى دار الكتب و الوثائق بغداد ( 328 ) ، طبعة فى مطابع دار الشؤون الثقافية بغداد ( 2006 ) .

2 ـ شريف محيى الدين حيدر: و تلاميذته ـ حبيب ظاهر العباس: وزارة الثقافة و الاعلام ، دائيرة الفنون الموسيقية ، رقم الايداع فى دار الكتب و الوثائق بغداد (367)، مطبعة الدار الحرية للطباعة بغداد (1994).

3 ـ عبدالرحمن قبنجى: تعليم الة العود، الطبعة الخاميسة منقحة، ( 2004 ).

4 ـ جميل بشير: العود و طريقة تدريسية ، الجزء الثانى، وزارة الثقافة و الاعلام ، دائيرة الفنون الموسيقية، رقم الايداع فى المكتبة الوطنية ببغداد ( 16 ) ، مطبعة الدار الحرية للطباعة بغداد ( 1989 ).